جامی پاریس. جۆکۆڤیچ سەرکەوتنی بەدەستهێنا

لە جامی پاریس نۆڤاک جۆکۆڤیچ بە دوو کەمێی بەبەرامبەر لە تەماس مارتنی بردەوە و میدڤیدیف بە دیمیترۆف دڕا.

لە قۆناغی دووەمی پاڕەوانێتی پاریس نۆڤاک جۆکۆڤیچ سەبی رووبەرویی تەماس مارتینی یچۆڤری ئەرجەنتینی بوویەوە و یاریەکەشی بە ئاسانی و بە دوو کەمێی بەبەرامبەر بردەوە کە خاڵی کەمێکانی شەش بە سێ و شەش بە دوو بوو ، یاریزانە سەبیەکە لە ماوەی تەنها یەک کاتژمێر 25 خولەک یاریەکەی لە بەرژەوەندی خۆی کۆتای پێهێنا.

لە یاریەکی تردا دانیێڵ میدڤیدیف روسی رووبەرووی گریگۆر دیمیترۆڤی بولگاری بوویەوە ، یاریەکەشی بە دوو کەمێ بەرامبەر یەک کەمێ دڕاند .

کەمێی یەکەم لە بەرژەوەندی گریگۆر بوو، کە بە شەش بە سێ کۆتای هات و لە کەمێی دووەم میدڤیدیف حەوت بە شەش بردیەوە بەڵام لە کەمێی سێیەم یەکلاکەرەوە گریگۆر بە حەوت بە شەش یاریەکە بردەوە لە ماوەی دوو کاتژمێر و56 خولەک.

لە درێژەی یاریەکانی جامی پاریس ، ستیفانۆس تسیتیسباسی یۆنانی بە دوو کەمێی بەبەرامبەر لە فیلیکس ئۆگیری کۆندی بردەوە و خۆی گەیاندە قۆناغی داهاتووی پاڕەوانێتیکە.